# چەند تێبینیەک بۆ بەڕێز(ناڵە حەسەن)

زەردەشت

وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی لە زمانێکی ترەوە بۆ کوردی خۆی لە خۆیدا مەبەستێکی ڕۆشنبیری جوانی لە پشتە ، کە پێش هەموو شتێک بە یەکەوە گرێدانی خوێنەری کوردە بە خوێنەری زمانە جیا جیاکان و ناساندنی ئەدەبی وڵاتانی تریشە بە خوێنەری کورد.ئەمە ئەگەر ئەو دەقەی کە دەکرێت بە کوردی ،ڕۆحیەتی زمانە ئەسڵیەکە لە دەست نەدات وهەروەها بەرگێکی کوردیشی بکرێت بە بەردا.ئەوەی کاک ناڵە حەسەن کردویەتی لەو هەوڵەی کە داویەتی بۆ وەرگێڕانی ژیاننامە و چەند هۆنراوەیەکی Sara Teasdale ، ناچێتە ناو ئەو پێناسەیەی لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد.ئەمانە چەند تێبینیەکی سەرەتایین:

*ژیاننامە

کاک ناڵە لە ژیاننامەی شاعیردا ،وا دەردەکەوێت پشتی بەو سایتە بەستبێت کە لە کۆتایی نوسینەکە ئاماژەی پێ کردوە.سەیرەکە لەوە دایە زۆربە ئارەزو کەوتۆتە گیانی ئەو ژیاننامەیە و پێناسەیەکی زۆر سەیری شاعیری کردوە،بە زمانێکی زۆرکرچ و کاڵ کە شایستەی قەڵەم بە دەستێکی وەک ناڵە نیە، هەوڵیداوە ئەو ژیاننامەیە دارێژێتەوە.ناڵە لە نێو دوو کەوانە دەڵێت گوایە سارا بە( شاعیری عەشق) ناسراوە.کەچی لە دەقی ئینگلیزی ئەو ژیاننامەیە باسی ئەوە نەکراوە.نازانم ئەو بە چ حەقێک ئەو نازناوەی بۆ داناوە.ناڵە دیسان بە نارێکی دەڵێت:(لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا ،شیعرەکانی زۆر خۆشەویست بووە)،ئەمە ڕستەیەکی تا بڵێی کرچ و کاڵە،دەیتوانی شتی جوانتر بنوسێت لە جیاتی.
کاکی وەرگێڕ، لە پەرەگرافی دواتر باس لە خەڵاتێکی ئەدەبی دەکات کەوا سارا لە ساڵی 1918 وەری گرتوە،ئەمەشی ئاوها شێواندوە ،ئەگەر ئێستا پرسیار لە خۆی بکەی ،نازانێت چی وتوە.ئەوەی لە دەقەکەدا هاتوە ئاوهایە:
{لە ساڵی 1918 ،خەڵاتی کۆمەڵەی شیعری زانکۆی کۆلۆمبیای بە دەست هێنا،(کە ئەم خەڵاتە پێشینەی خەڵاتی پۆلــــیتزەری شیعری بوو)،هەروەها خەڵاتی ساڵانەی کۆمەڵەی شیعری ئەمریکی بە دەست هێنا،لە پاداشتی ئەو چەپکە شیعرەی کە بە ناوی Love Songs بڵاوی کردبۆوە،شێواز و ئاوازی

تایبەتی شاعیر لە شیعری 1915 spring night ،بە ڕاشکاوی دەرکەوتبوو،کە ئەمەی دواتر لە دوو تویێی هەمان چەپکە شیعر بڵاو ببۆوە.}

بەڵام نالە دەڵێت:
( لە ساڵی 1918 خەڵاتی شیعری لە زانکۆی کۆڵۆبیا Poetry Society prize وەردەگریَ،کە تایبەتە بە خەڵاتی شاعیران.وە Columbia University)( خەڵاتەکەش ساڵانەیە و لە سەر کۆمەڵە شیعری (گۆرانیەکانی خۆشەویستی Love (Songs بووە.ستایلی شیعرەکانی سارا لیریکی یە بە وێنە و تابلۆی گونجاو دەیان ڕازێنێتەوە و روونیان دەکاتەوە.وە شیعری (شەوی بەهار)کە لە ساڵی 1915 دا نووسیویەتی یەکێکە لەو کۆمەڵە شیعرەی.).

ئەگەر خوێنەری بەڕێز سەرنج بدات،ئاشکرایە دەقەکە باسی دوو خەڵات دەکات نەك یەك،بەڵام کاک ناڵە هەردووکی بە ئارەزووی خۆی تێکەڵ کردووە و شێواندووە.

لە پەرەگرافی دوای ئەوە ،ناڵە باس لەوە دەکات کەوا سارا بە نۆ سالی چۆتە قوتابخانەیەکی تایبەت بە مندالاَن و لە پاڵیشیدا بە ئینگلیزی نوسیویەتی A private School for Children ،لەو وایە ناوی قوتابخانەکە ئاوها دەنووسرێت،کەچی ئەمە جۆری قوتابخانەیە،نەک ناوەکەی.

ناڵە نووسییویەتی:( سارا لە سالی 1913 دەرگیری عەشقی دوو موعجەب بە خۆی دەبێت)، من پێم وایە ناڵە دوای ئەو هەموو ساڵە لە قەڵەم بە دەست بوون دەیتوانی وشەیەکی کوردی بە کار بهێنیَ لە جیاتی بە سەقەت بە کار بردنی وشەی (معجب)ی عەرەبیی .وەک هەموان دەزانن،موعجیب ڕاستە نەک موعجەب.خۆ ئەو دەیتوانی بڵێت (شەیدا،لایەنگر،هەوادار).!

لە دەقە ئینگلیزیەکە هاتوە:
Sara was very much a product of her Victorian upbringing, and } she was never able to experience in life the passion that she expressed in her poetry }

بە واتای:{ سارا،بە حەق بەرهەمی ئەو پەروەردە ڤیکتۆریاییە بوو<u>((مەبەست لەو سەردەمەیە کەوا شاژن ڤیکتۆریا لە سەر تەخت بووە ،مەبەست لەو کەلتوورەی ئەوسایە کەوا ژنان لە ڕەوشێکی خراپ دا پەروەردە کراون))</u> ،

ئەو هەرگیز دەرفەتی ئەوەی نەبوو کەوا ئەو هەستە گەرم و ئارەزوە قووڵانەی کەوا لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێن ،لە ژیانی واقیعی خۆیدا تاقی بکاتەوە}

خوێنەری ئازیز ،ئەو ڕستەیەی کەوا هێڵی بە ژێر داهاتوە هی منــە،.با بزانین کاک ناڵە حەسەن ئەمەی چۆن وەرگێراوە:

ناڵە دەڵێت : ( سارا بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و سەرکەوتووانە لە لایەن ماڵەوەی پەروەردە دەکرێ،لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نەیتوانیوە واقعیەتی ژیانی خۆی و هەست و نەستەکانی قوڵایی دەروونی خۆی لە شیعرەکانی دەرببڕێ)

من لێرە هیچ ناڵێم ، با خوێنەری ئازیز ئەم هاوکێشەیەی کاک ناڵە حەل بکات.

- شیعرەکان

لەو شیعرانەی کاك ناڵە هەڵبیژاردوون بۆ سەربڕین ،من تەنها سیانم دۆزیەوە لە سەر ئەو سایتەی کەوا ئەو ئاماژەی پێ کردووە،بۆیە ناتوانم هیچ بڵێم دەربارەی (بــآ) ،( مــاچ)،(دڵم پڕە).ئەوانەی تریش ،ئەم تێبینیانەم لەسەر هەن:

- لە شەودا

ناونیشانی ئەم شیعرە بە ئینگلیزی (Tonight)ە ،واتە (ئەمشەو)نەك (لە شەودا)،ئەم شیعرە تا بڵێی ناسک و پڕ لە هەستە ،بەڵام بە داخەوە کاک ناڵە هیچ ژیانی تیادا نەهیشتووە.

شاعیر دەڵێت: The moon is a curving flower of gold
بە واتای: مانگ گوڵێکی چەماوەی زێڕینە
ناڵە دەلێت: مانگ بۆ گوڵە زەردەکان دەنووشتێتەوە!

ئەگەر ئەمە لە ناو بردنی شیعر نەبێت ،ئەی چی پێ دەڵین؟ئاخۆ کاک ناڵە قایل دەبێت یەکێک بێت و کۆپلەیەک لە شاکارەکانی ئەو ئاوها بشێوێنێت؟

شاعیر دەڵێت: The moon is a flower without a stem
بە واتای : مانگ گوڵێکی بێ لاسکـــــە
ناڵە دەڵێت : مانگ گوڵێکە بە بێ هەڵـــم

ئەم دێرە شیعرە ئەوەندە ناسکە ،کە دەیخوێنمەوە ،دڵم نایەت دەستی لێ بدەم ،کەچی کاک ناڵە ،هەر ناڵەشی لێوە نایەت و ئاوها نووزە لە شیعرەکە دەبڕێت،تاقەتی نەبووە بە دوای وشەی stem بگەڕێت لە فەرهەنگێک کە بە مانای (قەد،لآسک) دێت و هاتوە تێکەڵی کردوە لەگەل steam کە (هەڵم)ە.

- ناشتنی عەشق

شاعیر دەڵێت:

I shall put no flowers at his head,
Nor stone at his feet,
For the mouth I loved so much
Was bitter sweet.

بە واتای: من بە تەما نیم هیچ گوڵێک بخەمە تەک سەری
هیچ بەردێکیش لای قاچەکانی دا نانێم،
بەڵام بۆ ئەو دەم و لێوەی کەوا یەکجار خۆشم دەویستن،
هەندێک حەڵوای تاڵ دێنم

ناڵە دەڵێت: من دەبوایە نە گوڵ لە لای سەری و
نە بەردیش لە لای پێیەکانی دابنێم
بۆ دەمیشی من زۆرم خۆش دەویست

# شیرینیەکی تاڵ بوو

خوێنەری بەڕێز ، تکایە ئەگەر لەم کۆپلە گوێ بڕاوەی کاک ناڵە نووسیویەتی تێ دەگەی ،بۆ منیش ڕوون بکەوە دەیەوێت بڵێت چی.
ئەمانە ،هەندێک سەرنج بوون ،حەزم کرد بیانخەمە ڕوو، بە کاک ناڵە حەسەنیش دەڵێم ،تۆ نەتتوانی پەیامی وەرگێڕان بگەیەنی و کورتت هێنا،جا وا چاکە جارێ خەریکی قەسیدە کورت و درێژەکانت بیت،لە ڕاستیدا ،دوای ئەوەی ئەو ئاستە نزمەی زمانم لەم تێکستانە بینی ،خەریکە گومان لە قەسیدەکانیشت دەکەم.

بۆ خوێندنەوەی بابەتەکەی "ناڵە حەسەن" کلیکی ئێرەبکە